# نامەیەك بۆ باوكی شەهیدم لەشەوی شەهید بونی‌دا.....

## بۆ مامۆستا كۆچەری باوكم.....

رزگار كۆچەر



رزگار كۆچەر

ئەم شەو بەدەر لە هەموو شەوە شومەكانی مانگی ئایار یادت دەكەم... هەموو ساڵێك لەو كاتانەدا بەچەند وشەیەك من‌و چەند هاوڕێیەكت لاپەڕەكانی رابردوو هەڵدەدەینەوە..

من بەدەر لە ساڵانی رابردوو ئەم ساڵ هەندێك دیمەنی پاش شەهیدبوونت نیشان دەدەم... باس لەو فیشەكە ناكەم كە بەڵێنەكەی خۆتت بۆ حزبەكەت تێیدا جێبەجێ كردو سەری حزبەكەت بڵند كرد...

باس لەرەنج بەخەساری تەمەنی گەنجیت دەكەم. كاكە گیان.... نازانم لەكوێ دەست پێ بكەم دەزانم لێرە بەدواوە پێش ئەوەی گوێم لێبگریت... گلەییم لێدەكەیت‌و وەك هاوڕێكانت پێم دەڵێیت.... دەبوو رەنج‌و خەباتی من تەواو كەیت!!!!

كاتێك ئەو گلەییانەم لێدەكەیت، لەخەیاڵت. حزبەكەی تۆش وەك ئەو حزبانەیە كە سەركردەكانی یان كادرانی شەهید دەبن ئەو تەواو دەبێت. كوڕەكانیان یان كچەكانیان نازیان هەڵبگیرێت‌و هەرچی هۆڵ‌و باخچەو شەقام‌و قوتابخانە هەیە ناوی ئەوانی لێبهێندرێت..

جا هاوڕێم ئەم ساڵ بمبەخشە باس لەگرتنت‌و ئازارو مەینەتیەكانی زیندان ناكەم.... باس لەداستان‌و قارەمانیت ناكەم... باس لەنەبەردیەكانی ناو شاریش ناكەم كە رۆژێك بەجلی سەربازی... رۆژێكی تریش بەجلی مامۆستای ئایینی خۆت دەخزاندە شارو شارت لەبەعسیەكان دەكردە كونە مشك..

باس لەو رۆژانە ناكەم كە شار چەند كوڕێكی مەردی تێدابوو تا لە بەردەم بەعسیەكان بوەستێتەوەو سەریان شۆڕ بكات... ئێستاش شار پڕە لەوانەی لەگەڵ راپەڕین‌و ئاودیو كردنی شۆفەڵ، مرۆڤ، ناوێكیان بۆ خۆیان دروست كرد..

ئەوان ئێستا مەفرەزە نهێنیەكانی شار... ئەوان هەڵۆ بەرزەفڕەكان.... ئەوان كوڕانی رۆژانی تەنگانەو نەبەردیەكانی نیشتیمان.. جا بمبوورە هاوڕێ ئەم ساڵ بەدەریایەك گریان دەچمە سەر گۆڕەكەت‌و گلەیی ئەوەت لێدەكەم‌و پێت دەڵێم بۆ كێ خۆت رەنج بەخەساردا؟؟؟؟؟

بۆ ئەو برادەرە دڵسۆزانەی كە جاران هاوڕێت‌و هاوخەباتت ئێستاش دەسەلاتدارو قسە رۆیشتوون.. یان بۆ حزبەكەت‌و نیشتیمان‌و شارەكەت.... ئەگەر بۆ ئەوان!!! بۆ ئەوان لەكونجێكی ئەو شارە قوتابخانەیەك بەناوت ناكەن خۆ تۆ مامۆستا بوویت ئینجا پێشمەرگە.... دەبێت برادەرەكانت تۆیان لەبیر بێت؟؟؟؟.

دەزانم ئێستا لێم زویر دەبیت‌و دەمخەیتە نێو ئەو بازنە دۆڕاوانەی كە جاران لەفەلسەفەی حزبەكەت بەڕووخاو لەقەڵەم دەدران.... لەوانەیە بڵێیت (تەعەهودی) بۆ حزبی دەسەڵاتدار پڕ كردۆتەوە بۆیە ئەو قسانە دەكات... لەوانەشە بڵێیت تۆ ڕووخایت وەك هاوڕێكانم ئەوانەی ئێستا هاوسەنگەریانی....

ئەگەر قەسددت ئەو ڕووخاوانەیە كە جاران هاوسەنگەرت بوون‌و ئێستاش لەسایەی خوێنی ئێوەوە، راپەڕین‌و پێشمەرگە هەر رۆژەو لەحزبێك‌و سەنگەرێك دەبینرێنەوە... لەوانەیە گلەیەكەشت لەجێی خۆی نەبێت لای ئەوان چونكە ئێستا زەمەن گۆڕاوە گەر باسی خەبات‌و شۆڕش‌و رزگاری لای هەندێكیان بكەیت لەوانەیە هەر تاقەتیان نەبێت گوێت بۆشل كەن.... ئەوان ئێستا خەریكی كاسبی حزبین.... كامیان زۆریان دا.... لەگەڵ ئەوەن، بەڵام هاوڕێم جارێ هەموو ئەو قسانە بۆ كۆتایی لێیدەگەڕێم هەرچەندە دەزانم دەتەوێ هەواڵی دایكم‌و براو خوشكەكانم بزانیت كە پێتوایە لەپاش شەهیدبوونت‌و رزگاری نیشتیمان ئێستا (بەرو رەنج‌و خەباتی تۆو زۆرانی وەك تۆ دەخۆن...).

جا بۆیە لەدایكم دەست پێ دەكەم لەبیرتە بەیانیەكەی كە ویستت بڕۆیت دایكم دەستی بەگریان كردو گوتی: ئەو مندالانە بۆ كێ جێ دەهێڵیت تۆ رۆشتی‌و گوێت نەدا دایكم‌و دایكت.... دایكم تا لەزیندان بوو لەزیندان دوایش بەنان كردن‌و جل شۆری بۆ خەڵك ئێمەی گەورە كرد...

دایكم‌و دایكت پاش تۆ چوار دانە ساڵ زیندانی كران. لەئەمنی هەولێر بگرە تا هەیئەی كەركوك دوای لەبەندیخانەی فزیلیە (زۆرانی) برا بچووكمیان لەنێو ژوورە تاریكەكانی زیندان‌و شیشە ژەنگاویەكانی گەورە كرد...

پاش ئەوەی شەهید بوویت، دایكت لەخەمی تۆ سەری نایەوە، دایكیشم هەرچی نەخۆشی دونیا هەیە لەسەری كۆبۆوە....

بۆیە كاكە گیان لەپاش راپەڕین‌و ئازادی، ئێستا دایكم لەهەموو ڤیستیڤاڵ‌و یادەوەریەكانی ژنان‌و ئافرەتان میدالیای مقاوەمەت‌و ژنە شەهید وەردەگرێت.... رۆژانی بەندیخانەی كراوەتە كتێب، شانۆگەری بۆ دەكرێت.... دایكم ئێستا رەمزی یەكسانی ژن‌و پیاوانە لەوانەیە دایكم بكرێت بە وەزیر.... ئەگەر دواسات نەی گۆڕن، چونكە فەقەراتی هەیە تەكلیفی زۆرە لەسەر حكومەت!!!!

كاكە گیان با لەدایكم گەڕێین‌و سوپاسی بكەین. پاش شەهیدبوونی تۆ ئێمەی پەروەردە كرد.... تا ئێستاش باوەڕ دەكەیت كەس لەنێو ئەو هەموو رێكخراوانەی ژنان‌و ئافرەتان هەر ناشزانن ژنێكی ماندوو.... زیندانی سیاسی وەك دایكم‌و دەیەهای وەك دایكم هەیە.... هەوییەی زیندانی سیاسیشیان نیە. خۆ قابیلە وەك ئەو جاشە بێت كە لای پێشمەرگە (بەند) بوو دوایش هەموو رۆژانی بەند كردن‌و خیانەتی دژ بەگەلی كورد بۆ بەزیندانی سیاسی ژمێردرا....!!!!

دەزانم ئێستا پرسیاری خوشكەكانم لێدەكەیت خوا رویان سپی كات هەموویان خوێندنیان تەواو كردووە لەنێو ماڵ‌و منداڵی خۆیان دانیشتوون، بەڵام زۆرجار خەفەت دایان دەگرێت كاتێك پاڵەوانەكانی شار دەبینن، ئەوانەی بەكراس‌و بێجامەی نیو قوڵ خەباتی ژێر زەمینیان دەكرد.... لەسەر تەلەفزیۆنەكان خۆیان وەك تەڕەزان‌و سۆپەرمان نیشان دەدەن، لای ئەوان تەنها ئەوان وڵاتیان رزگار كردوو ئێوەش.....

ئەوان خەفەت لەوانە دەخۆن كاتێك ئەو دەم‌و چاوانە دەبینن كە جاران تۆو زۆرانی وەك تۆ لەخەفەتی ئەوانەوە بوونە پێشمەرگە، كەچی ئەوان ئیمڕۆ شۆڕشگێڕن‌و منداڵەكانی ئەوان دكتۆراو ماجستێرو هەر رۆژەو لەوڵاتێك.... ئێمەمانانیش تازە بەتازە خوێندن تەواو دەكەین...

كاكە گیان دەزانی ئەو كاتەی باپیرە حاجی ناوی لەعەدنانی برام نا تۆ پێت ناخۆش بوو تۆ پێت باش بوو ناوی شۆڕش یان گیڤارا بایا، بەڵام باپیرە حاجی ناوی نا عەدنان.....

عەدنان هەموو ساڵ لەخوێندن عەفو عام دەكرا كە شەهید بوویت قوتابخانەی جێهێشت، ئۆتۆمۆبیلی دەشووشت، كاری دەكرد. تایەی منداڵە بەعسیەكانی رەش دەكرد، ئەوانەی جاران زوڕنا لێدەری بەعس‌و ئێستاش پیاوی دەسەڵات...

تا ئێمە برسی نەبین قوتابخانەو زیرەكی خۆی بەقوربانی شۆڕش‌و پێشمەرگایەتی تۆ كرد. عەدنان لەشوێنی شووشتنی ئۆتۆمۆبیل كاری دەكرد، هەردەم دەستەكانی ماندووبوون‌و بێزاری پێوە دیار بوو، ئەو لەپاش راپەڕین هاتە نێو حزب، ویستی رێگاكەی تۆ تەواو بكات. ئەو پێش من كاری رێكخستنی دەكرد بۆ حزبەكەت، كەچی زوو دەركرا.... هەندێ قارەمانی ناو حزبەكەت كە (برۆلیتار)و كرێكار لەنێوانیاندا خەباتیان دەكرد، نەیانتوانی عەدنانی دەست بەگریزو كرێكار قبوڵ بكەن..... ئەو رۆیشت وڵاتی بۆ ئەوانە جێهێشت كە تایەی ئۆتۆمۆبیلەكانیان لەهەموو سەردەمێك رەشە، ئەو ئێستا لەوێش كرێكارێكی بەریتانیە كە هاتەوە بەدەستی گریزو سیمای كرێكاری هاتەوە....

ئەو (زۆرانەی) بەناوی چەپەكانی یوگسلافیا ناوت نابوو وابزانم لەبیرتە پاش ئەوەی لەدایك بوو لەگەڵ دایكم‌و داپیرەم بەند كرا. ئەو تا تەمەنی 5 ساڵیش هەر لەبەندیخانەی فزێلیە بوو كە گەورەش بوو حەزی دەكرد ببێتە هونەرمەند، خوێندنی سێ ناوەندی بە زیرەكی تەواو كرد، تەقدیمی هونەرەجوانەكانی هەولێری كرد.... دەزانی لەبەر ئەوەی كوڕە شەهیدی شوعی بوو وەرنەگیرا، قبوڵیان نەكرد. دەیەها كوڕە جاش‌و كۆنە بەعسییان وەرگرت، كوڕی تۆی پێشمەرگەو شەهیدیان وەرنەگرت.... مامۆستا بەعسیەكان دەیانزانی كوڕی مامۆستایەكی شۆڕشگێڕو پێشمەرگەیە بۆیە وەریان نەگرت.....

ئەو هاتە نێو حزب، كاری حزبی كرد، دوایش ئەندام پەرلەمانێكی ئێستای حزبەكەت كە لەلێژنەكانی مافی مرۆڤ كار دەكات، لەحزبی دەركرد، وەرەقەیەكی لەتابلۆی ئاگاداریەكان داو گوتی: بەهیچ شێوەیەك نابێت (زۆران كۆچەر) بێتە نێو تەلەفزیۆن... زۆرانی بێ برادەر.... زۆرانی كوڕە شەهید... زۆرانی زیندانی سیاسی... ئەویش وڵاتی جێهێشت بۆ بڕوانامە تەزویرەكان.....

دەزانم ئێستا پرسیاری هەژار دەكەیت، چونكە خۆت ناوت نا هەژار... بەناوی مولازم هەژاری هاوڕێت ناوت نا ئەوی لەئەوروپا ئێستا نە مولازمەو نە هیچ، بەڵكو ئاقڵ‌و ژیرانە منداڵەكانی بەخێو دەكات‌و خۆی دەوڵەمەند دەكات... هەقی خۆیەتی گلەیی لێناكەم....

لەبیرتە كاتێك حزب دەیویست رەوانەی بولغاریات بكا، لەگەڵ دایكم‌و ئێمە چیت دەگوت.... دەت گوت ئەی كێ تۆڵەی خوێنی شەهیدان بكاتەوە، ئەی كێ ئەو خائینە... مە...ۆ سەگ تۆپ بكات....

با بێینەوە سەر هەژار تۆ ناوت نا هەژار، راستت گوت هەژار بوو.. بێ تۆ بوو هەر لەمناڵیەوە تۆی نەدیت دایكم بەئازاری یوسف پێغەمبەر پەروەردەی كرد، كون نەما تێیدا نەی شارێتەوە تا بەعسیەكان نەی بینن...... دەرمان نەما نەخوا تاچاو لەدونیایی زوڵم‌و زۆرداری نەكاتەوە، كەچی هەژار بەهەژاری لەدایك بوو ئەویش وەك ئێمەمانان حەزی دەكرد بشدێنەكەی تۆ لەپشت كات... ئەو هەموو كات چەكوش‌و داسەكەی حزبەكەتی لەسەر پەرتوك، پاراوەكانی بوو.... ئەو هەستی بەنەقس دەكرد هەستی بە بێ باوكی دەكرد كە دەیان گوت باوكە یان كاكە كزەی لەجەرگی وەدەهات، هەردەم لەدوای ناوی قارەمانانی حزبەكەت دەگەڕا، رۆژێك ناوی لە خۆدەنا گیڤارا... رۆژێكی تر لاوە شەل.. رۆژێكی تر شەهید بلە... هتد چاوی لەئەوان دەكردەوە، ئەویش خوێندنی لەسەر حزبەكەت دانا ئەو لەهەموومان داماو تر بوو بۆیە ئەویش وڵاتی جێهێشت، وەك شوعیەك‌و وەك كوڕە پێشمەرگەیەك... باوەڕ دەكەیت تا ئێستا 15 وڵاتی كردووە ئیقامەی نادەنێ.... دەزانی بۆ؟؟؟؟، چونكە كوڕە پێشمەرگەیە، كوڕی تۆیە.. ئەو هەموو جارێ كە تەلەفۆن دەكات دەڵێت: دەزانی ئەگەر بەرەفیق حزبی یان جاشێكی بەعسیەكان خۆم تەقدیم كردبایە لەمێژبوو وەرگیرابووم....

كاكە مام یوسف.. بژار... ئێستا دكتۆرە ئەویش لەدوای شەهیدبوونی تۆ بوو بەپێشمەرگەی حزب ئەو زۆری پێشمەرگایەتی نەكرد، دڵی بە پاڵەوانە وەهمیەكان خۆش نەبوو ئەو بەزیرەكی خۆی وڵاتی جێهێشت‌و ئێستا خۆی بەهاوڵاتی ئەو نیشتیمانە ناژمێرێت.... هەقی خۆیەتی ئەو دكتۆرە، بۆردی هەیە، كەچی لەوڵاتەكەی ئێمە دەیەها بێ شەهادە وڵات بەڕێوەدەبەن، كەسیش لەكەسێكی پسپۆڕو خاوەن رابردوویێكی پاك ناپێچێتەوە....

كاكە گیان بمبەخشە دەزانم دڵتم گران كردووە، تۆزێك تووشی نائومێدیم كردی‌و ئێستا لەوانەیە بڵێیت رەنجم بەخەسار رۆیشت.... بۆیە بمبەخشە حەز دەكەم چیرۆكی تەواوی خۆشەویستەكانت بۆ باس بكەم، تۆزێك گوێت بۆم شل كە....

بمبەخشە كاكە گیان... دڵم بەشار خۆش نیە... چاوم بەپاڵەوانە وەهمیەكان ناكرێتەوە ئەوانەی بیست تا سی پاسەوان پاسەوانیان دەكەن.... ئەوان لە خۆیانەوە بوون بەشت.... كەس باسی رەنج‌و خەباتی تۆو هاوڕێكانت ناكات... هەریەكەو لەخۆیەوە دەبێت بەوەزیر، بێ ئەوەی رۆژێك تەقەیەكی بە بەعسیەكان وەنابێت... بێ ئەوەی رۆژێك كاڵەیەكی ئەدیداس‌و كەتافەیەكی رەنگ خاكی لەبەر كردبێت...

بمبەخشە كاكە گیان ئەمشەو دڵم بەقەدەر هەموو ئاگردانەكانی وجود دەسووتێت... تۆ شەهید بوویت‌و لەخەم‌و ماندووبوون دەرچوویت، كەچی كۆڵێك خەمت بۆ ئێمە جێهێشت....

رێگاو رازەخان هەموو ئێواران لەبەردەم دەرگا چاوەڕێی هاتنەوەم دەكەن ناچنە ژووری تا دەرنەكەوم... نایانەوێت وەك تۆ بم... نایانەوێ جێیان بهێڵم... دەزانی ئێستا هەموو رۆژێك پێم دەڵێن بابە كەی تەخروج دەكەیت؟؟؟؟.

من وەڵامم پێ نیە بۆیان پێم ناخۆشە پێیان بڵێم كچەكانم لەبەر بابە كۆچەر نەبا.... دەلێیگەڕێ كاكە گیان... ئا بیرم كەوتەوە با دڵت خۆش كەم رێگاو رازەی كچم دەزانی دڵیان زۆر بەتۆ خۆشە هەردەم سەیری وێنەكانت دەكەن‌و دەڵێن: (بابە) بابە كۆچەر چەند بەعسی كوشت؟؟؟؟؟ كە سەدام دادگایی دەكرێت ئەوان تف لەنێو چاوانی دەكەن دەڵێن ئەوە بابە كۆچەری كوشت....

ئەوان منداڵن، كەچی كەیفیان پێ دێ كە تۆ بەعسی نەبوویت‌و باپیرەی ئەوانی‌و بەعسیەكانت سەرشۆڕ كردووە لەشار!!!!.

دەزانی كە شەهید بوویت من لەناو تاقی كردنەوەی بەكەلۆریابووم.... بمبەخشە ساقیتیان كردم.... ساقیتیەك ساقیتی كردم... خوشكی ئەو خۆفرۆشە بەعسیەی تۆی بەشەهید كردن دا... ئەوەی براكەی جاسوس‌و خائین‌و پیاوی بەعسیان بوو، كەچی پاش رزگاربوونی عێراق حزبە كوردیەكان كە جاران لەگەڵت خەباتیان دەكرد لەشاخ، جاسوسێكیان كرد بە ئەندامی خۆیان...... تەزكیەیان كرد... هەویەیان بۆ دروست كرد... ئێستا ئەوان بەدڵسۆزی خۆیانی دادەنێن، بەڵام با هەر وابێت....

دەزانی ئێستا زۆر هاوپۆلانم ئەوانەی زوو زوو پێش هەموو كەس دەبوون بە بەعسی دكتۆرن یەكێكیان كچی بەرپرسێكی گرنگی شاری لایە... هەندێكی تر دونیایەك نەجمەو تانجیان لەشانە.... هەندێكی تریان خۆیان‌و جانتاكەیان پرۆفیسۆرن... منیش ئێستا خوێندن تەواو دەكەم..... بمبەخشە كاكە گیان... من دەمویست لەنێو حزب بشدێنەكەی تۆ لەپشت كەم... نەیان هێشت....

كاكە گیان ئەم شەو بەم قسانە ناتوانم برینم سارێژ كەم... ناهەقیشم مەگرە كە باسی رێگاو رازم بۆ كردیت، بەڵام جارێكی تر نامەوێت نەمنداڵی من نەمنداڵی براو خوشكەكانم وەك كاتی منداڵی ئێمەیان لێبێت، چونكە بەس خۆم بیرم دێت چ مەرگەساتێك ژیانمان بەسەر برد....

بەداوای لێبووردنەوە لەوانەیە دەیەها كەسی وەك دایك‌و خوشك‌و براكانی من هەبن كە هەموو تەمەنی خۆیان لەپێناو شۆڕش‌و كوردایەتی بەسەر بردبێت‌و ئێستاش كەس هەر پێشیان نازانێت.....

ئا كاكە گیان ئێستا لەبری شەهید بوونت‌و خوێنی تۆ دایكم دوو مانگ جارێك هاوكاریەك لەدەزگای شەهیدی حكومەتی هەرێمی كوردستان وەردەگرێت، دەزانی من دەیەها ناو دەزانم، بەسەر یەشە یان بەجەڵتەی دەماخ لەپاش راپەڕینیش مردوون، كەچی ناویان بەفەرمانده نووسراوە هاوكاریەكەشیان سێ بەقەدەر هاوكاری تۆیە جا بۆیە نازانم تۆ دەرەجە چەندی لەشەهیدەكان.... یان تەنها لەبەر ئەوەی تۆ شەهیدی حزبی....

هەزار چەپكە گوڵ پێشكەش بەگۆڕت بمبەخشە كاكە گیان بەقەدەر هەموو دونیا سەرمان پێت بڵندە هەموو دونیا نادەین بەداستان‌و نەبردیت چونكە تۆ لەپێناوی كرێكارو جوتیارو زەحمەتكێشانی شار خۆت بەشەهید كردن دا...

Rzgar77@hotmail.com

# كوڕەكانمان بە كوشتن مەدەن!

باوكی پێشمەرگەیەك

**بەڕێز سەرۆكی هەرێمی كوردستان**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان**

**بەڕێز سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان**

ئێمەی كورد خەونمان بەو رۆژەوە دەدیت كە سەربازانی بێگانە لەخاكی نیشتیمانمان نەمێنن‌و خۆمان پارێزگاری لەخۆمان بكەین. كاتێ حكومەتی عێراق سەربازانی شارەكانی ناوەڕاست‌و باشووری عێراقی دەهێنایە كوردستان، سەربازگەو سەنگەرەكانی پێپڕدەكردنەوە، ئێمەی كوردستانی بەچاوی دوژمنەوە سەیری ئەو سەربازانەمان دەكردن. شەڕمان دەكردن‌و دەمانكوشتن. خۆ باش دەمانزانی ئەو سەربازانە بە ئارەزووی خۆیانەوە نەهاتوونەتە كوردستان، من وەك باوكی پێشمەرگەیەك هەمیشە چاوم لەوەیە كە كوڕەكەم پارێزگاری لەخاكی نیشتیمانی خۆی بكات، بەڵام هەرگیز لەگەڵ ئەوەدانیم كە كوڕەكانمان بچن لەسنووری دەرەوەی هەرێم سەربازگەو سەنگەر لێبدەن. چونكە دڵنیام خەڵكی ئەو ناوچانە حەز بەناوی پێشمەرگەو سەربازی كورد ناكەن. بەنامۆیان دەزانن، شەڕیان دەكەن‌و دەیانكوژن. لەماوەی رابردوودا چەندین سەربازی كورد بوونەتە ئامانجی ئەو عەرەبانەو شەهید كراون. ئەگەر پاساو ئەوەبێ كە تیرۆریستان ئەو پێشمەرگانە دەكوژن، لەلای ئێمە پەسند نیە، هەمان پاساوی رژێمی پێشووە كە بەكەسوكاری سەربازە كوژراوەكانی خۆیان دەگوت: رێگرو یاخی، نۆكەری بێگانەو جوداخواز كوڕەكانی ئێوە شەهید دەكەن!.

من لەجیاتی دایك‌و باوكی هەموو ئەو پێشمەرگانەوە داواتان لێ دەكەم كە رێگە مەدەن پێشمەرگەكانی كوردستان ئەوانەی لەناو سوپای عێراقدا خزمەت دەكەن بچنە دەرەوەی سنووری هەرێم‌و پاسەوانی لەغەیرە بكەن. با لەسەر سنوورەكانی هەرێم سەربازگەو سەنگەر لێبدەن‌و رێگە نەدەن دوژمن‌و ناحەز بێنە ناو هەرێمەوە. هەق وایە جولانەوەی یەكەكانی پێشمەرگەو سەربازەكان لەدەستەڵاتی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان دابێ نەك حكومەتی عێراق بە ئارەزووی خۆی یەكەكانی پێشمەرگە بۆ شوێنەكانی دەرەوەی هەرێم بگوازێتەوە.